بروسکەی پیرۆزبایی

برای بەڕێز جەنابی کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان!

پر بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەین بە بۆنەی هەڵبژاردنتان بۆ سەرۆکی هەرێم. دڵنیاین ئێوە لەو متمانەی کە خەڵك و نوێنەرانی گەلی کوردستان پێیان بەخشیون بە باشترین شێوە کەڵك وەردەگرن و زۆرترین وزە و قورسایی خۆتان دەخەنە سەر ئەو بەشە لە گرفتەکانی گەلی کوردمان لە عێراق کە هێشتا ماون تا چارەسەر بکرێن.

هەڵبژاردنی جەنابتان وەك سەرۆکی هەرێم، نیشانەیەکی دیکەی پتەوی و یەکڕیزی و یەکێتیی خەڵکی کوردستانە و تەجرەبە و ئەزموونی ئێوە پاڵ پشتی ئەوەن کە بە لێوەشاوەیی بەڕێوەبەری ئەرکەکانی سەرۆکی هەرێم بن. ئاواتی سەربەرزی و سەرکەوتنی زیاترت بۆ دەخوازین.

دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠٠٥/٦/١٤
١٣٨٤/٣/٢٤

www.komala.org

Email: Komala1348@hotmail.com
Tel: **(0044704)**٣١٥٠٢٨٩
Tel: **(0044704)**٣١٦٠٧٥٢
Mobile: **009647701405134**
Fax: 00447043140449